

## حەمە رەشید هەرەس:

# پێویستە شانۆ جەماوەر و دەسەڵات بە یەکەوە گرێ بدات

بەشێکی هەرە زۆری تەمەنی خۆی لە شانۆدا بەسەر بردووە، وەك دەرهێنەر و ئەکتەر دەرکەوتووە و نووسین و شیعریش بە خامەکەی ئاشنان. حەمە رەشید هەرەس یەکێکە لە پێشەنگەکانی هونەری شانۆ لە سلێمانی و کوردستان بەگشتی، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد سەبارەت بە شانۆی کوردی لە قۆناغەکانی پێشوو تا بە ئەمڕۆ دەگات و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** خانەوادەکەت هەڵوێستیان چۆن بوو کاتێك رووت لە بواری هونەری کرد؟**

- لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ هونەری شانۆ لە کوردستان بە پەردەیەکی رەش داپۆشرا و کاری شانۆیی بە هەموو شێوەیەك قەدەغە کرا، بۆیە تا ساڵی ١٩٦٩ لە کوردستان شانۆ نەبوو، ئێمە لە پەیمانگای مامۆستایان دەمانخوێند و لەوێ مامۆستایەکمان هەبوو بە ناوی عەبدولقادر نوری کە لە هەموو بوارەکاندا زۆر چالاك بوو، بۆیە کارێکی وای کرد کە شانۆ جارێکی دیکە لە کوردستان ببووژێنینەوە، چیرۆکێکی (میرزا کەریم)ی هێنا بە ناوی (بڕیار و ئەنجام) و ئێمە رۆڵمان تێدا بینی، بۆ منیش تایبەتمەند بوو، چونکە یەکەم جار بوو لەم چیرۆکەدا توانیم خۆشەویستی خۆم بۆ نەتەوەکەم دەربخەم، من رۆڵی (شیرین)م بینی و زۆریش تییدا سەرکەوتوو بووم، سەبارەت بە خانەوادەکەشم زۆر لێم رازی بوون و هانیاندام، چونکە ئەو کاتیش سلێمانی بەو شێوەیە داخراو نەبوو کە کەلتووری بێگانەی بەسەردا سەپا بێت و لە کۆنەوە باوەشی بۆ هونەر و جوانی کراوە بووە و هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە بوون.

***مامۆستا عەبدولقادر نوری لە گەیشتنتان بەو رۆژگارەی ئێستا و بەتایبەتی لە بواری هونەردا چ رۆڵێکی بووە؟**

- ئێمە ئەو چەند کەسەی لە چیرۆکی (بڕیار و ئەنجام) دا بەشداریمان کرد، ژمارەکان کەم و تا ئێستاش بەشێکیان هەر بەردەوامن، لەوانە مامۆستای بەڕێز (عەبدولی حەمە جوان، کەمال دڵشاد، سەلاح ساڵح یونس، جەمیل ئەحمەد شازەمان، رەئوفی حاجی سەعید، عوسمان چێوار) هەر ئێمەش بووین بە هەوێنی شانۆیەکی نوێی پێشکەوتوو لە کوردستان و لە هەموو شانۆییەکاندا رۆڵمان بینی، بێگومان ئەمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ توانا و گیانە پڕماخۆلانەی مامۆستای بەڕێز عەبدولقادر نوری کە لەو کاتەوە توانیی ئەو چیرۆکە بهێنێتە سەر شانۆ و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

*** چۆن بوو بە بینینی رۆڵی ئافرەت رازی بووی و تا چەند لە ئەدای خۆت رازی بووی؟**

- ئەو کاتەی کە رۆڵی (شیرین)م بینی رۆڵێکی دیکەم پێ سپێردرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کچێك نەبوو و ئەوانەی کە دەهاتن بۆ بینینی ئەو رۆڵە هیچیانم بەدڵ نەبوو، بۆیە بە مامۆستا عەبدولقادرم وت: من واز لە رۆڵی خۆم دەهێنم و رۆڵی (شیرین) دەبینم، چونکە ئەو کاتە هەستم بە توانای خۆم دەکرد و دڵنیا بووم کە دەتوانم ئەم کاراکتەرە بە جوانی ببینم و لە رووی رووخساریشەوە تا رادەیەکی زۆر گونجاو بووم.

*** لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد سالار چ شتێك پێکەوەتان دەبەستێتەوە؟**

- هەر لە منداڵییەوە لە هەڵەبجە بە یەکەوە چاومان کردۆتەوە و گەورە بووین، دوو - سێ ساڵ لە هەڵەبجە لە قوتابخانە بە یەکەوە بووین، دواتر ئێمە گوازراینەوە بۆ سلێمانی لە هەمان کاتدا ئەوانیش گوازرانەوە، ئەو پەیوەندییە برایەتی و خۆشەویستی و خزمایەتییەی نێوانمان هەر مابوو، بۆیە هەر لە کۆنەوە یەکێك بووە لە هاوڕێ نزیکەکانم و پەیوەندیمان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەنجاکان، بەڵام کاتێك من چوومە سەر شانۆ کاك ئەحمەد هێشتا لە قۆناغی یەکەم، یان دووەمی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بوو لە بەغدا، بۆیە هەر یەکەمان بە جیا ڕوومان لە کاری هونەری کرد، کاتێك کە ئەو گەڕایەوە کوردستان من چەند کارێکی شانۆییم ئەنجامدابوو، لەوانە (مۆڵەت، سەرینی بەهاری گۆڕ هەڵکەن)، مامۆستا ئەحمەد لە کۆمەڵەی هونەر و وێژە دەستی کرد بە شانۆ، دواتر لە تیپی پێشڕەوی شانۆدا یەکمان گرتەوە کە لە رێگەی من و ئەو و دڵشاد مەریوانی دواتر برادەرانی تریشمان بانگ کرد بۆ تیپەکە، ئەم تیپەش رەنگدانەوەیەکی جوانی هەبوو و خاوەنی (لانەوازان، مۆڵەت، رەجەب و پیاوخۆران) کە هەموویان پڕاوپڕ بوو لە بەرگری لەشێوەیەکی هونەری جوان.

*** ئێوە بەوە ناسراون کە زۆر پابەندن بە کارە هونەرییەکانەوە و زۆریش جددین، ئەم جددییاتە لە کەسێك فێر بووی، یاخود ئەزموونی خۆتە وای لێکردووی؟**

- ئەمە ویژدانی خۆمە بەلای منەوە وەك نوێژێکە کە بۆ ئارامزدا (ئەهوورا مەزدا) و رووناکی و زەردەشت دەیکەم، ئەمە هەستێکی نەتەوایەتی گەورە و پێشمەرگایەتی، سەنگەر چۆڵ نەکردن و کات بەفیڕۆنەدانە بۆ پێشکەوتنی هونەری کوردی بەرامبەر بەو کەلچەرانەی کەوا دوژمنمانن.

*** هەست و کاردانەوەی خەڵکی سلێمانی بەرامبەر بە کارە شانۆییەکانی ساڵانی شەست و حەفتاکان چۆن بوو؟**

-لە شەستەکانەوە تا دەگاتە هەشتاکانی سەدەی رابردوو شانۆیی لەلای ئێمە خۆپیشاندان بوو، هاندانی خەڵك بوو بۆ ئەوەی هەمیشە ورەیان بەرز بێت، خۆشەویست کردنی شۆڕش کە بەداخەوە ئێستا بەو شێوەیە رەنگی داوەتەوە کە دەیبینین، من ئێستا هەست بە شەرمەزاری دەکەم، چونکە ئەو کاتەی کە مەکسیم گۆرگی (دایك)ی نووسی و لە دواییدا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا رەنگی دایەوە و گۆرگی نەیدەوێرا بێتە دەرەوە و دەیوت: شۆڕشم لە لایان خۆشەویست کرد و لە ستالینییەت و لینینییەتدا رەنگی دایەوە و بە ملیۆنان کەس بوونە قوربانی و گەورەترین کارەساتی خوڵقاند، ئێمەش بە هەمان شێوە بووین، بەڵام ئێمە لە مەکسیم گۆرگی شانسمان زیاترە، چونکە نەتەوەکەمان ئەوەندە چاوکراوە نییە کە لەسەر شەقامەکان بمانداتە بەر شەق و بڵێ: ئێوە شۆڕشتان لای ئێمە خۆشەویست کرد و شۆڕشیش لەم گەندەڵییەدا رەنگی دایەوە.

*** ئەوەی ئێستا شانۆی کوردی پێیدا گوزەر دەکات لە روانگەی شانۆکارانی کورد وێرانییە، بەڵام لە زۆر شوێنی دیکەش بە هەمان شێوەیە و حاڵیان لە ئێمە باشتر نییە بەتایبەتی لە رۆژهەڵات لە پاشەکشێدایە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بێگومان زۆر کەس دەڵێن لەبەر ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا شوێنی شانۆی گرتۆتەوە وەکو تەلەفزیۆن کە دراما و بەرهەم سینەماییەکانی تێدا نمایش دەکرێت و شوێنی شانۆیان گرتۆتەوە، بەڵام بە لای منەوە ئەمە هۆکارە سەرەکییەکە نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئێستا لە کوردستان بەداخەوە شانۆکارەکان دەست ناخەنە سەر برینەکان وەك چۆن جاران ئێمە ئەوەمان دەکرد هەربۆیەش جەماوەری شانۆ زۆر بوو کە رۆشنبیر بوو و داوایان دەکرد بتوانن خۆیان رۆشنبیر بکەن لە رێگەی ئێمەوە، چونکە برینەکانمان چارەسەر دەکرد و چارەسەری برینەکانیشمان دەدۆزییەوە بۆیە شانۆ دەوڵەمەند بوو، بەڵام ئێستا کە بەو شێوەیە نییە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم شانۆ بازرگانییە دەست نەخرێتە



**ئەو کاتیش سلێمانی بەو شێوەیە داخراو نەبوو کە کەلتووری بێگانەی بەسەردا سەپا بێت و لە کۆنەوە باوەشی بۆ هونەر و جوانی کراوە بووە و هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە بوون**





ئێمە لە مەکسیم گۆرگی شانسمان زیاترە، چونکە نەتەوەکەمان ئەوەندە چاوکراوە نییە کە لەسەر شەقامەکان بماندات بەر شەق و بڵێ: ئێوە شۆڕشتان لای ئێمە خۆشەویست کرد و شۆڕشیش لەم گەندەڵییەدا ڕەنگی دایەوە

ئەمڕۆ لە کوردستان شانۆ ڕەنگێکی تەهریج و شەکرۆکەیی گرتووە ئەمەش ختۆکەدانی هەستی جەماوەرێکی ساویلکەیە بێ ئەوەی کە هیچ پرسیار و وەڵامێکی لا دروووست بکات

سـەر برینەکان، لەلایەکی ترەوە دەسـەڵات کارێکی وایکردووە کە ئەو ڕێگەیە بۆ شـانۆ فەراهەم نەکات کە شـانۆیەکی جددی و ڕەخنەگر درووسـت بێت و ئەگەر درووسـتیش بێت جەماوەرێکی کەمـی دەبێت و بـە هەموویان دەیانەوێ کپـی بکەن و زۆربەی خەڵکی ئەو شـانۆگەرییە نەبینن، راسـتە ئێستا شانۆ لە هەموو جیهان پاشەکشێدایە، بەڵام بۆ ئەو جەماوەرەی کە شانۆ ویستە من بەو پەڕی راشـکاوی دەڵێم ئێسـتا شانۆ لە برەودایە بۆ نموونە لە وڵاتی کەنەدا کە دەچووم بۆ شـانۆیی دەمبینی بە جەماوەرێکی زۆری شـانۆ ئامادە بوون تەنانەت لە وڵاتانی تریشەوە بەتایبەتی هاتبوون بـۆ بینینی، ئەمەش کارێکی کەم بۆ ئێمەش کە بتوانین لە کوردستان شانۆیەکی ئاوا درووست بکەین و جەماوەر خۆی بێت بۆ بینینی، نەك شانۆیەك درووست بکەین کە جەماوەر لە کەنارەوە خۆیشـی تێدا نەبینێتەوە و ڕەنجەڕۆیـان کەین، لەلایەکی ترەوە بە داخەوە ئەمڕۆ لە کوردستان شانۆ ڕەنگێکی تەهریج و شەکرۆکەیی گرتووە ئەمەش ختۆکەدانی هەستی جەماوەرێکی ساویلکەیە بێ ئەوەی کە هیچ پرسـیار و وەڵامێکی لا درووست بکات، چونکە ئەگەر شانۆ ئەم ڕۆڵەی نەبینیە وردە وردە دەپوکێتەوە.

*** شـانۆیەك کە نەتوانێت بە تەواوی گوزارشت لە داخوازییەکانی خەڵك بکات و کاریگەریشـی لەسەر دەسـەڵات نەبێت چی پێ دەڵێی؟**

- هونەرمەندی شـانۆ پێویسـتە ناوەندێك بن لەنێوان جەماوەر و دەسـەڵاتدا، بە جەماوەر بڵێن ئەمە ڕەخنەکانمانە لە دەسەڵات و بە دەسـەڵاتیش بڵێن و کارێکی وا بکەین کە دەسەڵات بزانێت تا چ ڕاددەیەك سیستمەکەی لەناو جەماوەردا ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە کار بکەین و پەرە بە هونەرەکەمان بدەین، ئەمە نەشونما کردنی هەستی جەماوەرە و لە ئەنجامدا خستنەوەی جەماوەرێکی ڕۆشـنبیرە کە دەزانێت دەسەڵات چیکردووە و دەسەڵاتیش دەزانێت چـی بکات بۆ ئەوەی جەماوەر رازی بکات، کەواتە شـانۆکاران ڕۆڵی ئاشـتکردنەوەی نێوان جەماوەر و دەسـەڵاتێکی سـەر بە جەماوەر دەبینن.

*** کەواتـە بارودۆخی ئێسـتای شـانۆی کوردی بـە چی ناو دەبەی؟**

- پاشـاگەردانییە، لێرە و لەوێ شـانۆی جددی ڕاست و شانۆی قوتابخانە هەیە، شـانۆیەك هەیە کە دەیەوێ دەسـت بخاتە سەر برینەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەمانە هەمووی داپۆشـراون بە شانۆیەکی شەکرۆکەیی کە ختۆکەی جەماوەر دەکاتەوە بەتایبەتی دیوی دەرەوەی جەمـاوەر نەك دیوەی ناوەوەی بۆ مەبەسـتێکی تایبەت.

*** تاچەند گەشبینن بە دووبارە زیندووبوونەوەی شانۆی کوردی؟**

- کاتێك ئێمە دەسـتمان بە شـانۆ برد لە سـفرەوە دەستمان پێکرد کە ئێسـتا ناویان ناوە سـەردەمی زێڕین، بـەڵام هەر کاتێك هەل بۆ شـانۆکاران بڕەخسـێتەوە ئەوانەی مەبەسـتیان هێنانەکایەی جەماوەرێکی بەختەوەر و ڕۆشـنبیر کردنی جەماوەر بێت، بێگمان شانۆ هیچ گرفتێکی نابێت.

*** زیاتر شانازی بە چ کارێکی شانۆیی خۆتەوە دەکەی؟**

- شـانازییەکی زۆر بە کارەکانمەوە دەکەم لەوانە (قایمقایمەکەی تەنەك) و (ڕەفیقی لانەوازان) زو کاراکتەری (قەمبور) و شانازی بە (پشکۆی گوڵاڵە)ـەوە دەکەم کە لەسەر شانۆ پێشکەشمان کرد، چونکە ئـەو کاتە من ڕام کردبوو، هەر ڕۆڵێك من بینیبم لەخۆمە پێی ڕازی نەبووم بیرم لێکردۆتەوە و هەڵمسـەنگاندووە و بە هەست و نەسـتەوە چوومەتە ناو ڕۆڵەکەوە و ئەگەر بـۆم نەکرابایە وازم لێدەهێنا. زۆر ڕۆڵ هەبوو خۆم تێیدا نەدۆزیوەتەوە، ڕەتم کردۆتەوە.

*** کەسایەتیی (ڕەفیق) بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- کەسـایەتیی (ڕەفیـق) کەسـێکی نامـۆ دەگەیەنێـت لەناو کۆمەڵگەیەکی هەناسەسـارد کە بیر ناکەنەوە و دەسـتیان گرتووە بە کڵاوەکەی خۆیانەوە تا با نەیبات، (ڕەفیق) ئەو کەسـە بوو کە حیسـابی بۆ ئەو کڵاوە بابردووە دەکـرد، و دەیگوت: تۆ کڵاوت هەبی، یان نەبـێ و با بیبا، یان نەیبا تۆ هەر ئەوەی کە هەی و پێویستە بیگۆڕی، ئەو ڕۆژەی کەوا من داوای گۆڕانم دەکرد کە پێویسـتە ژیان بگۆڕین، ئەو کاتە خەڵك نەیدەزانی گۆڕان چییە، بەڵام ئەو گۆڕانەی مـن داوام دەکرد گۆڕانێك بوو بەرەو چاکە، نەك گۆڕانێکی گێرەشێوێن و هەناسەسارد وەك ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن لە دەرەوە و لە ناوەوە هەمان کوێرەوەری و هەمان کارەساتە و ناوەڕۆك و ڕووخساریان یەك نییە.

*** ڕۆڵی ڕاگەیاندن چی بووە لەو پاشـاگەردانییەی ئێسـتا لە شانۆی کوردیدا هەیە؟**

- ئەو کاتە شانۆی کوردی بە ڕاستی نەك تەنیا ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەمی هەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی یەکەم بوو کە چۆکی بە فاشیزم و زۆرداری دانابـوو، بە هەموو دوژمنانی کوردەوە دەستەوەسـتان بوون بەرامبەر بە شـانۆی کوردی، بە هەر شێوەیەك ئەوەی لەژێر سانسۆر بوایە ئێمە دەرماندەهێنا و پێشکەشمان دەکرد و دەمانتوانی لە هەر شـانۆییەك خۆپیشاندان و شۆڕشێك درووست بکەین، بەڵام ترسـی ئەوەمان هەبوو خەڵکی سـڤیل و بێتـاوان ببنە قوربانی، ئەگینا ئەگەر شۆڕشـیش نەبوایە ئێمە شۆڕشێکی ڕۆشنبیریمان درووست دەکرد.

*** ئەو کات ڕکابەرێتیی نێوان هونەرمەندان چۆن بوو؟**



- هیچ رکابەرییەك نەبوو ئەوەی هەبوو هەمووی لە پێناو پێشخستنی زیاتری هونەری کوردی بوو، هەر هونەرمەندێك پەیوەست بە ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیەوە، چونکە هونەرمەند ئەگەر بچێتە نێو قەفەسی هەر حزبێکەوە هونەرەکەی تەنیا دەبێتە هونەری درووشمی حزبایەتی، هەموو کەسێك دەبێ فەلسەفەیەکی هەبێ لە ژیان. من زیاتر پابەندی فەلسەفەی نەتەوەییم و رێگە نادەم ئەمە بچێتە چوارچێوەیەکی حزبییەوە، هونەری راستەقینە ئەوەیە کە خزمەتی جەماوەر بکات کە ئەو حزبانەش بەشێکن لەو جەماوەرە.

*** سەردەمێك بێژەری دەنگی کوردستان بووی، خۆشترین یادگاریت لە رادیۆ چی بوو؟**

- من توانام هەبوو لە بواری راگەیاندن، بەڵام ئەوەی منی گەیاندە رادیۆ زیاتر ئازایەتی بوو نەك توانا، چونکە کاتێك من چوومە دەنگی کوردستان ٤-٥ کەسی لێ بوو لەبەر بۆردومانی فڕۆکە، کە دەستبەکاربووم حیسابی مێشم بۆ فڕۆکەکان نەدەکرد هەرچەندە بەردەوام فڕۆکەکانی رژێمی بەعس رادیۆی کردبووە ئامانجی بۆردومانی خۆی، بەگشتی هەموو ئەو ساتانەی تەنانەت کە فڕۆکە بۆردومانی دەکرد و ئێمەش لە ململانێ بووین لەگەڵ مەرگ ئەو ساتانەش خۆش بوون بۆ من، هەموو ساتەکانی ئەو ساڵەی لە دەنگی کوردستانم بەسەر بردن پیرۆزن بەلامەوە، یادگارییەکانی بە تاڵ و شیرینییەوە شیرینن.

*** یەکەم و دوایین هەواڵت چی بوو کە لەدەنگی کوردستان پێشکەشت کرد؟**

- یەکەم پەیامم ئەم شیعرە بوو:

حارسی تەختی سەددامی رزیو چاك بزانە کورد نابڕێتەوە
شوێنی هەزاران رۆڵەی خێرنەدیو نرخی مێژووە و نابڕێتەوە

دوایین پەیامیشم وتارێك بوو خوێندمەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لانسم وەرگرت و وتارەکەم فڕێدا و خۆم بە ئیرتیجالییەوە دەموت شۆڕشی کورد لە هەموو ئان و زەمانێکدا پشتی بە هیچ بێ رەوشتێك نەبەستووە، لە پێناو میللەتەکەمان تەنیا خۆمان و چیاکانمان شۆڕش و بەرخودان دەکەین و قوربانی دەدەین و بووینەتە نیشانەی دوژمنانمان و هەر خۆشمانین دەتوانین بیبەزێنین و سەرنگۆمی بکەین و ئێستاش نەبێت هەر رۆژێك بێت ئێمە هەر هەڵدەستینەوە دێینەوە مەیدان و ئەم نەتەوەیە مەحاڵە نەگات بە ئاوات و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بژی کورد و کوردستان، بژی شۆڕشی کورد، ئەم شۆڕشە هەر بەردەوامە و وەکو زنجیرە شۆڕشەکانی دیکەی کورد ئێستاش نەبێ کارێکی وا دەکەین ئەم شۆڕشە زیندوو بێتەوە.



## پرۆفایل:

- لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری هەڵەبجە لە دایک بووە و لە تەمەنی ٨ ساڵیدا هاتوونەتەوە سلێمانی.
- قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگای مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو کردوە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ وەک مامۆستا لە هەولێر دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٧٦ گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی.
- لە ساڵی ١٩٦٨ وە هاتۆتە سەر تەختەی شانۆ و یەکێک بووە، لە دامەزرێنەرانی شانۆی کوردیی سەردەم.
- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردیی و تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی و رۆڵی سەرەکی لە زۆربەی بەرهەمەکانیاندا دیوە.
- لە ساڵی ١٩٩٩ لە کۆنۆستۆگا کۆلێژی کەنەدا بروانامەی دیپلۆمی باڵای لە بازرگانیی بەدەست هێناو، هەر لەو کۆلێژەوە چەند کۆرسێکی شانۆی بە سەرکەوتوویی بڕی.
- لە ساڵی ١٩٧٥/١٩٧٤ بێژەری رادیۆی شۆڕشی ئەیلول بووە.
- لە زۆربەی گۆڤار و سایتەکاندا، بە کوردی و عەرەبی نووسینی بڵاو کردۆتەوە.
- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی کولتووری کورد لە ئۆنتاریۆ ی کەنەدا.
- تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە بواری هونەر و نووسین دا.

## نەسیرڕ شەممە: هەست دەکەم بۆ عوود خوڵقاوم

بەوە ناسراوە کە هێمن و لەسەرخۆیە و زۆر قسە ناکات، تاکە شتێك کە خۆی پێوە سەرقاڵ بکات عوودەکەیەتی، لەبەر ئەوەشە نەسیرڕ شەممە مۆسیقاری ناسراو تەواوی ژیانی خۆی بۆ عوود تەرخان کردووە و چۆتە نێو نهێنییەکانی ئەم ئامێرە کە خۆشەویستییەکی بێ سنووری لە نێوانیاندا هەیە.
نەسیرڕ وەك خۆی دەڵێ بۆ عوود خوڵقاوە، لە بارەی ئەم وتەیەی خۆی دەڵێ: عوودیش هەستی هەیە و ئەم هەستانەش لە جیاوازی و تایبەتمەندێتیی ئەو ئامێرەدا رەنگ دەداتەوە، بۆیە عوود کەسایەتیی ژەنیارەکە دەبات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کائینێکی زیندووە و توانای ئەوەی هەیە کە کەسایەتیی ژەنیارەکەی دەربخات، ئەگەر ژەنیارێکی راستەقینە بێت.
سەبارەت بە دەوڵەمەندیی هونەرمەندان نەسیرڕ دەڵێ: خوا بەهرە بە مرۆڤ دەبەخشێت ئەم بەهرەیەش بریتییە لە سپاردنی کارێك بە کەسێك بۆ ئەوەی ئەنجامی بدات، نەك کارێك کە ئێمە بە هۆیەوە هەست بکەین جیاوازین لە کەسانی تر و پێویستە دەوڵەمەند بین و تەواو، سوپاس بۆ خوا من دەژیم، لە ساڵی ١٩٩١یشەوە چارەسەری منداڵی عێراقیم لە ئەستۆ گرتووە لە هیندستان و هەست بە شانازییەکی زۆر دەکەم کە دەتوانم ئەم کارە بکەم و بەم کارە خۆم بە دەوڵەمەندترین کەسی دنیا دەزانم.



## بیرین هێرش دەکاتە سەر میدیاکان

خانمە ئەکتەری تورکیایی بیرین سات ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە لە میدیاکانی تورکیا بڵاوکراونەتەوە گوایە بە رێگەی بلۆری دووگیان بووە، ئەو هەواڵانەی بە شەرمەزاری بۆ میدیاکانی تورکیا وەسف کرد و وتی: بەداخەوە میدیاکان دەنووسن بۆمبێك، یان سوپرایزێکی سەرنجڕاکێشی ئەم ئەکتەرە یان ئەو، لە راستیشدا هەمووی درۆ و پڕوپاگەندەی ناڕاست و نادروستن.
بیرین زیاتر وتی: ئەم هەواڵانە زۆر ناشیرینن، چونکە هەستم کردووە هەندێك کەسی نزیکی خۆم تا رادەیەك بڕوایان بەم جۆرە هەواڵانە هەیە بەر لەوەی لێی دڵنیا بن. هەروەها دەڵێ: هەندێك کەس هەن هونەرمەندانیان خۆش ناوێ، ئەگەر ئەمانە لە ناڕاستیی هەواڵەکەش دڵنیا بن، بەڵام هەوڵ دەدەن زیاتر بڵاوببێتەوە بۆ شکاندنی هونەرمەندەکە، من وەك زۆر لە ئەکتەرانی دیکە نامەوێ زوو وەڵامی ئەم جۆرە هەواڵانە بدەمەوە، پێشتریش زۆر گرنگیم پێ نەدەدا، بەڵام ئێستا بە تەواوی بێزارم دەکەن، بەتایبەتی ئەو هەواڵانەی بە ناوی منەوە بڵاو دەکرێنەوە لە کاتێکدا من یەك وشەشم نەوتووە لەوەی ئەوان بڵاوی دەکەنەوە.
دەربارەی کاریگەریی هەواڵی دووگیانبوونەکەشی وتی: من نامەوێ وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام لە ناخەوە زۆر ئازارم دەدات، بەتایبەتی لە رووی دەروونییەوە، چونکە دەچێتە ناخی ژیانی تایبەتی هونەرمەندەوە و دەبێتە هەوڵێك بۆ شکاندنی، بۆیە بە جۆرێك لە توندوتیژی دەروونیی دەزانم بەرامبەر بە ئافرەتێك کە پێویستە کۆمەڵگە رێزی بگرێت و ئازارەکانی کەم بکاتەوە.





# یاسەمین حەز لە دیمەنی وروووژاندن ناکات

یاســـەمین عەبدولعەزیز بە یەکێك لە ســـەرکەوتووترین ئەکتەرە میسرییەکان دادەنرێت لە بواری کۆمیدیا کە تەنیا بە پشت بەستن بە تواناکانی خۆیەوە گەیشتە لوتکە، سەرەتا لە رێگەی دایکیەوە کە خاوەنی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی هونەری و ریکلام بووە هاتە نێو بواری نواندن و سینەماوە تا وای لێهات بووە یەکێك لەو ئەکتەرە کۆمیدییانەی کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرن و ئەو فیلمانەی بەشدارییان تێدا دەکات تا رادەیەکی زۆر لە رووی جەماوەرییەوە سەرکەوتنیان مسۆگەر کردووە.
یاســـەمین دەربارەی کەســـایەتیی خۆی دەڵێ: زۆر کەس پێیانوایە من لە خۆباییم. ئەمەش تێگەیشـــتنێکە زۆر دوورە لە راستی، چونکە من زیاتر بڕوام بە خۆم هەیە، رەنگە هەندێك جار جەماوەر هەســـت بە جۆرێك ئیرەیی بکەن، بەڵام ئەم جۆرە ئیرەیی پـــێ بردنە زیانبەخش نییە و زیاتر بۆ بەرژەوەندیـــی کارەکەم بووە بەر لەوەی بەرژەوەندی کەسی خۆمی تێدا بێت.
دەربارەی کەمیی دەرکەوتنی لە بۆنە هونەرییەکاندا یاسەمین دەڵێ: تەنیا لە کاتی وێنەگرتندا حەز دەکەم دەرکەوم، چونکە بەشـــی زۆری کاتی خۆم بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانم تەرخان کردووە.
یاسەمین بەوە ناسراوە کە حەز لە دیمەنی وروووژاندن ناکات و کەسێکی سادەیە لـــە هەمان کاتدا، لـــەم بارەیەوە دەڵێ: نازانم بۆچـــی هەندێك کەس ماچکردن و وروووژاندن بە هۆکاری سەرکەوتنی کاری هونەری دەزانن، کچەکەم تەمەنی ١١ ساڵە نامەوێ شـــەرمەزار بێت لە قوتابخانە لە نێو هاوڕێکانی، بۆیە من بە هەموو شێوەیەك ئەمـــە رەتدەکەمەوە، دەرهێنەرەکانیش ئەم جـــۆرە رۆڵانەم پێنادەن. من حەز دەکەم مرۆڤێکی ســـادە بم، تەنانەت ئەگەر بۆ پێویســـتی کاری هونەری نەبێت بە هیچ شـــێوەیەك مکیاژیش ناکەم، چونکە پێموایە مرۆڤ بە ســـادەیی خۆی زۆر جوانترە و رێزیشـــی زیاترە لەلایـــەن جەماوەرەوە، هەروەها رۆژانەش بەشێوەیەکی رێکوپێك وەرزش ئەنجام دەدەم.